# فاتیحایەک بۆ رۆناکبیری کورد

لە کلاورۆژنەی ئاستەنگی دکتۆر کەمال و شتگەلێکی تر

هەندرێن

Handren_yahoo.se




1

راسانێک، کۆرەوێک، لە دەنگی خێڵێکدا ئاوارە دەبێ و

چرنوکێک لە ناوەکیدا بیرهاتنەوەکانت دەئەنجنێ.

مانایەک لە زاردا هەڵدەگەڕێتەوە و

نەوەیەک لە زماندا غەوارە دەبێ.

شوێنپێیەک لە شۆڕش ، لە یەکاتییەکی داڕماودا ،

هەڕاجی رادەگەیەنێ.

مێژوویەک بە دەست دێوجامەی سەروەری بێسەردا ،

ئیرادەی زڕاوە!

2

ئەمڕۆ مرۆی کورد بە گشتی و، بە تایبەتیش رۆناکبیرەکەی، لە چرکەساتێکدا دەژی کە لە نەبوونی ئیراردەیەکی کوشندەی چەقبەستوودا، دەخوولێتەوە. ئەو ژیانەش، بەر لەوەی خەونی واتایەکی هەڵبەستراو بکاتە هەبوونی خۆی و دواجاریش بە مەرگێکی کتوپڕ، یان خاکەسار شاگەشکەمان بکات، دەبێ *فاتیحایەکی* بۆ بخوێنین.

بەڵام ئەو رۆناکبیرە کێیە کە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین؟ بەڵێ، مەبەست لەو رۆناکبیرە، ئەو بوونەوەرە نییە کە دەمڕاستی حیزبێکی دەسەڵاتدار یان حیزبێکی بەرهەڵستکار و ئیدۆلۆژییەکی تایبەتە، یانیش لە یەک کاتدا هەم دەمڕاستی حیزبی دەسەڵاتدار و، هەمیش حیزبێکی بەرهەڵستکارە، بەڵکوو مەبەست لەو رۆناکبیرە ئەوەیە، کە لە روانگەیەی ئاراستەیەکی رۆشنبیری و ئێستیکیانەی سەربەخۆدا، لە پرنسیپێکی مرۆڤایەتیانەدا، لە ژیانەکەیدا وەک کردەیەک، تیۆری یان بیرکردنەوەکانی، پیادە بکات. کەواتە رۆناکبیر بیرکەرەوەیەکی جولاوە، نەک دەربار بری کار!

کەچی ئەو دەمەی کە رۆشنبیری لە پێگە و مانای کردەی خۆیدا تووڕهەڵدەدرێت، یان وەک بوونەوەرێکی بەرهەڵستکاری سەربەخۆ لە هەموو چەشنە دەسەڵاتێک واز لە جولاندنی دۆخە جێگیرەکان و گومانکردن لە بەها و پێشمەرجی دەسەڵاتی باڵادەست دەهێنێت، دەبێتە بوونەوەرێکی کەنارگیرکراو. کاتێک رۆناکبیر لە بری پەنجە درێژ کردن بۆ ناڕاستی و

راتەکاندنی ویژدانی دەسەڵاتی نارەوا، دەبێتە ئامرازێکی سواو، ئەوکاتە ئەو بوونەوەرە نەک هەر بوونەوەرێکی مردووی زیندووە، بەڵکوو دەبێتە پەنجەی شادە و بچمی ئارایشکراوی دەسەڵاتێکی غەدار، کاتێک رۆناکبیر بەناوی هۆشیارییەوە لە بەردەم کۆمەڵگادا دێوجامەی راستی دەپۆشێ و پاسەوانی لە ناڕاستی-ساختەیی دەسەڵات دەکا، ئیتر رۆشنبیریی، وەک سەرچاوەیەک لە زیندوویەتی ژیان، لە بری گەشاندنەوەی ویژدان و هەڵقولاندن و رەوتەنی وزەکان، بوون و یادەوەرییمان بە بێئومێدی ئیفلیج و بەکتریای مەرگ گەمارۆ دەدا.

لەم روانگەیەوە، ئەمرۆ ئێمە لە واقیعێکدا دەژین کە دوو دەسەڵاتی کوردی بە مگجێزی خۆیان هەڵیدەسوورێنن. لەو واقیعەدا، رۆناکبیر بێجگە لە دیکۆرێکی قۆقز و بێکردە، هیچ شتێکی تر نانوێنێت.

ئەگەر رۆناکبیری کورد لە قۆناخ و شوێنکاتەکانی رابردوودا، بە دەنگ هەڵبرین و هەڵوێست وەرگرتن لە دەسەڵاتە کورد کوژەکان، نووسینەکانی بەهای کردەییان نواند بێت، کەچی لە باری ئەمڕۆدا لە بەردەم دوو دەسەڵاتی ناشیاوی کوردیدا، نەک هەر لە رۆڵی دەنگ هەڵبرین و هەڵوێستی کردەیی هەرەسی هێناوە، بەڵکوو خۆی بەشێکە لەو مەرگەساتەی، کە ئەمرۆ بە هۆی لە دەستدانی ئیرادەی ئازادی و سەروەریی، مرۆی کوردی سیخناخکردووە.

بەڵام ئەوە چ چرکەساتێکی پەرپووتە کە وەدکا *فاتیحایەک* بۆ مەرگی رۆناکبیری کوردی بخوێنین؟ بەڵێ، دەسەڵاتێک کە سەبارەت بە کێشەی هاووڵاتییەکی نووسەری وەک دکتۆر کەمال سەید قادر، دوای لە دوو مانگ زیاتر لە هاواری سەدان ئەو بوونەوەرە دەم هەراشەی کە پێی دەڵێن "رۆناکبیر"ی کورد رێزێکی دانەنا، لێ، دواجاریش کاتێک بابە گەورەی کورد، جۆرج بۆش رووی لێگرژ دەکات، یەکسەر بەشێوەیەکی فەرمی لە مێدیایەکانی بە شێوەیەکی گوێڕایەڵ، رووی پیاو چاک، مافدۆست و دادپەروەرانەی خۆی رادەگەیەنێت، ئیتر چ مانایەک بۆ ئەو رۆناکبیرە لە خەون راچووەدا دەمێنێتەوە؟ ئایا کاتێک ئەو رۆناکبیرە وەک بوونەوەرێکی مشەخۆری زار قەڵەباڵغ و کەهێڵ بژیت، دەکرێ خاوەن گوتارێکی رۆشنبیریی کردەیی بێت؟ دوای ئەو راستییەی، کە پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنانەت بێئەوەی ئەوە بە گرنگ بزانێت کە بە تاکە وشەیەکیش بە رۆناکبیرانی خۆی بڵێت کە نارەزاییتان لەو بریارانەی کە منی خاوەن هەموو مێژوو، یادەوەریی و قوربانییەکانی خەباتی کورد، نرخێکی نییە، ئەرێ دەکرێ ئەو رۆناکبیرە لە هەبوونی خۆی و کردەکانی رەزامەند بێت؟ ئەرێ بەڕاست ئەو رۆناکبیرە مردووە بۆ پێکڤە دەست و برد *تازیمانەیەک* بۆخۆی دانانێ و پێکڤەش *فاتیحایەک* لەسەر گۆڕی زیندووی خۆی ناخوێنێت/ناخوێنن؟

بەهەمە حاڵ، بۆ ئەوەی چەشنە راڤەیەک، یان بە *فاتیحایەک*، سوکەڵە دڵدانەوەیەک بۆ ئەو پرسیارە تەقلەهەڤ و وێنە ئیفلیجەی ژیانی رۆشنبیریی کورد دەستەبەر بکەین، دەخوازێ لە رەهەندێکی جیهانگەراییانەوە رابمێنین و بهزرین.

3

وەک دەبینین، لەگەڵ گۆڕانەکانی رەوتەنی شوێنکاتەکاندا، وێنە و کایەی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکانیش، بە گشتی، گۆڕانیان بەسەردا داهاوتووە و دێت. لەم روانگەیەوە، لە هەر وێستگە و قۆناغێکی ئەو رەوتەن و شوێنکاتانەدا، وێنە و کایەی رۆناکبیریش هەڵکێشان و داکێشانی بەخۆیەوە بینیووە. لێرەوە بۆ زێتر روونکردنەوەی مەبەست، بە خێرایی ئاماژە بە قۆناغەکانی دوای سەردەمی رۆشنگەریی دەکەین، کە کۆمەڵگا و دەوڵەتگەلێکی هاوسەردەم و مرۆڤێکی نوێیاوی لە هەناوی خۆیدا خەملاند، کە ئەم مرۆڤەی ئەمرۆش بەرهەمی نموونەکانییەتی.

لە سەر و بەندی سەدەی شانزە و دەسپێکی سەدەی حەڤدەوە، هزرڤان و رۆناکبیرانی رۆژئاوا رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە بەرهەمهێنانی ئەو کۆمەڵگا و جیهانبینییە نوێیەدا. هاوکاتیش لەگەڵ لێکجابوونەوەی دەوڵەت و ئایین، ئەو هزرڤان و رۆناکبیرە ئەرک و رۆڵێکی دیکەیان کەوتە ئەستۆیان. بەمجۆرە مشومڕ و وەرچەرخانەکانی سەدەی حەڤدە، بە کاریگەرییەکانی لە سەدەی هەژدەدا رەنگدەدەنەوە. وەک پێشڤەچوونێک لەو رەوتەنە سیاسی، ئابووری، جڤاکی و هزرییەی پێشوودا، جیهانبینی فەیلەسوف و رۆناکبیرانیش، روانگەگەلێکی جوداتر بەرهەمدەهێن: وێرای گریمانە و تیۆریگەلێکی نوێ، ئاراستە و رێبازی هەمە تەرزیش لە دایک دەبن.

هاودەم لەگەڵ ئەو وەرچەرخانانەدا، جیهان و بوونێکی جیاواز لە مرۆڤایەتی سەرهەڵدەدەن. هۆکار و هاندەرە سەرەکییەکانی ئەو دۆخە نوێیەش، گەشەکردن و بە هەرمێن بوونی ئایدۆلۆژییەکان، بە تایبەتییش ئایدۆلۆژی لیبرالیزم و بازاڕی سەرمایەداری، زانست، دەوڵەتی بیرۆکرات و ... هتد لێ کەوتەوە. لێرەوە بەهای مرۆڤ دەبێتە کاڵا و چارەنووسی بوونایەتی دەکەوێتە دۆخێک، کە لەوێدا ئاوەز و ئاوەزگەرایی جڵەوی رادەکێشێت. مرۆڤ وەک تاکێکی ئابووری بە بەرپرسیاری خۆی و دەوروبەرەکەی سەرقاڵدەکرێت/دەبێت.

2

بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و سەرەتایەکانی سەدەی بیستەمدا، لە جیهانی هزریندا، ئەو چارەنووسەی کە مرۆڤی رۆژئاوا دەرکی دەکات و بوونی دیاردەکات، فەرامۆش ناکرێت: دەکرێ هەر لە هاوارنامەی "خوا مرد"ی نیتشەوە، پرۆژە رەخنەییە ئیدیالەکانی "سەرمایەداری"ی هێگل و مارکس، رەخنە و بێئومێدییەکانی ئەدۆرنۆ و دۆرکهایم لە "دیالێکتیکی رۆشنگەریی"، هەتا دەگاتە ئازارەکانی کافکا لە "دەعەجان"، "دادگا"، "تەلار" و... ئەوانتردا، دەنگ، وێنە و کێشەکانی ئەو مرۆڤە نوێیەی ناو ئەو جیهانە ئاوەزگەرا و بە کاڵاکراوە بناسینەوە. لەو روانگانەوە دەبینین کە پرۆژەی رۆشنگەریی ئیتر وەک ئیرادەیەکی رزگارکار لە دەسەڵاتی ئایینی مەسیحییەت و بەند و باوەکانی نەک هەر جۆشی نامێنێت، بەڵکوو زانستکاران جێگەی ئەو ئایینە دەگرنەوە و ئاگایی رەخنە و رووخاندنی بەهایە باوەکان، کایەکانی خۆیان لە دەستدەدەن.
بە کورتی ئاکامەکانی پرۆژەی رۆشنگەریی و مۆدرنیتێت بە گەشەسەندن و باڵادەستی بازاڕی سەرمایەداری و فابریک و کارگەکانی، بەهای ئاگایی مرۆڤ و ئەفراندنەکانی ئیفلیجدەکا و لە پایەی ئیرادەگیی کەمدەکاتەوە.
لە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، ئەو پێشڤەچوونە هەمە ئاراستەیەی پرۆژەی رۆشنگەریی، دەگاتە لووتکە. لەوێوە مرۆڤ چیتر وەک "خود"ێک رۆڵی نامێنێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، مرۆڤ چیتر رۆڵی گۆڕین و بەرهەمهێنانی مێژوویی، یان وەک خودێکی ئاوەزگەرا و ئەفرێنەر، نابینێت. بەمجۆرە لە سەرەنجامی ئەو ناوکۆیی (کۆنتێکستە) تازەیەدا، مرۆڤ، بە دەستەواژە ناودارەکەی فۆکۆ:" سۆبژە/مرۆڤ مرد"، دۆشداماوانە لە خۆی دەگەڕێت. دوای بەدوای ئەمەش، لە ئاستی داهێنانیشدا، نووسەران بە گریمانە ورووژێنەرەکەی رۆلان بارت: "مەرگی نووسەر"، سەرقاڵ دەبن. هەڵوێست و بەرتەکی هزرڤانان لە بەرانبەر ئەو رەوتەنییە لە دەست مرۆڤ دەرچووەدا هەر بەوەندە ناوەستێت، بەڵکوو لە حەفتایەکاندا بە تەقینەوە راشکاوەکەی ژان فرانسوا لیۆتار: "کۆتایی هاتنی داستانە مەزنەکان" و لە هەشتایەکانیش فاتیحایە بوێرانەکەی ژان بۆدلیار، کە لە ئەنجامی ئەو سیستەمە سیاسییە باڵادەستەدا، ئەو شتانەی کە لەسەر ئەو سیستەمە ئابووری و سێکسگەرایییەدا تیۆریزە دەکرێن، بێجگە لە مۆناتژێک، یان وێنەیەکی پێکەنیناوی چەشنە داستانێکی تیۆریانەی مرۆڤایەتییانە، هیچی تر نین، دەگاتە ئەوپەڕی بێهوودەیی. بۆیە بە واتای بۆدلیار، سەرتاپای زانست، گوتار/دیسکۆرس و دامەزراوەکان لە یارییەک بترازێ هیچی تر نین. بە کوردی ئەو شتانە هەموو هیچن؛ ئەو قسانە تەنیا "وشەن، وشە".

4

لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ، بە جۆرێک لە جۆرەکان، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، کایەکانی ئەو گۆڕانکارییە فرە رەهەندانەی کە لەو چەند سەدەیەی رابردوو لە جیهانی رۆژئاوادا روویانداوە و روودەدەن، لە جیهانی ئێمەشدا رەنگدانەوەیان هەبوو بێت/هەبێت. بۆیە دەبینین لەگەڵ گۆڕانەکانی رەوتەنی شوێنکاتەکان لە جیهانی کوردیدا، وێنە و کایەکانی کۆمەڵگاش، بە گشتی، گۆڕانیان بەخۆیەوە بینیووە.
بە گوێرەی ئەو دەقە نووسراوانەی رۆناکبیرانی/شاعیرانی کورد، کە دەکرێ سەدەی شانزە، وە تەرزە "رۆشنگەریی"ک، لە بوونی کوردی فامبکەین، چونکە لەوێدا بە بوونی "ئیماراتی بۆتان"، وەک دەوڵەتۆچکەیەک، دواجاریش دەکرێ بە رێگەی شیعرە رامان ئامێزەکانی ئەحمەدێ خانی، یادەوەریی کوردی بخوێنینەوە. وەک دەزانین، لەوێدا خانی لە رێگەی شیعرەکانییەوە بە راشکاوی بە کۆی ئازاری کوردی بە رووی دوژمنانی دەرەکی کورد هەڵدەشاخێ و هاوکاتیش، بە راشکاوی، لە خۆ خۆری و دووبەرەکی نێوان کوردان دەپەیڤێ، کە ئەو کێشەیە هەنووکەش لە زاری قەڵەمی کوردی هاوسەردەمدا دووبارە دەوترێنەوە.

وەک دەزانین سیاسەتمەدارانی ئەوکاتی کورد گوێ لە هاوارنامە و ئاماژە حیکمەت ئامێزەکانی ئەحمەدێ خانی ناگرن و ئەمەش دواجار بە رووخانی ماڵی کورد، ئیماراتی بۆتان، کۆتایی پێدێت. هەڵبەتە ئەو کۆستە ماوەیەکی درێژ کاریگەری لەسەر ناخ و دەروونی کۆی کوردی بەجێدەهێڵێت و دەبێتە ئازارێک لە یادەوەریی مرۆی کوردیدا. بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا لە هەمبەر مرۆی کوردیدا، ریزێک هەڵکاڵینی بەرچاو روودەدەن. بەمەش دیسانەوە یادەوەریی کوردی لەو بێدەنگییە قووڵەدا بێدار دەبێتەوە. لەوێدا رۆناکبیرانی کورد لە داگیرسانی روحی بەرەنگاربوونەوەی کوردان، رۆڵێکی کارا دەبینن، هاوکاتیش لەوێدا لە دەقە نووسراوەکانی ئەو رۆناکبیرانە و کوردناسەکانیشەوە، نارەزایی ئەو رۆناکبیرانە لە دەسەڵاتی سیاسی ئەوکاتەنەی کورد دەخوێنینەوە. ئێمە ئەمرۆ بە رێگای دەقە زیندووەکانەوە، بە تایبەتیش، دەقەکانی نالی ، سالم و حاجی قادری کۆیی، لە سەدەی نۆزدەدا، کێشەکانی میرنشینی بابان و گوتاریی نەتەوایەتی کوردیمان بۆ رۆشندەبێتەوە. بە لە زەینگرتنی شوێنکات، هەرچەندە نالی، سالم و حاجی قادریی کۆیی دەنگی دیاری ناو ماڵی ئەو میرنشینە و ئاستەنگی بزووتنەوەی رۆشنبیریی نەتەوایایەتی کوردین، کەچی جۆرێک لە راستگۆیی و پاراستنی هەڵوێست، یان هاوئاهەنگییەک لە هەڵوێست و کردە رۆشنبیرییەکانی ئەو شاعیر/رۆناکبیرانە دەناسینەوە. نالی سالم و حاجی قادری کۆیی، وەک میراتگرانی ئەحمەدێ خانی و بگرە شیعرە زارەکیی/فۆلکلۆرییەکانی کوردی ( لێرەدا رۆناکبیری کوردی لە بەرتەسکردنەوەی ئەو چەند شاعیرە، واتای دەنگی راشکاوی ئەو شوێنکاتانەیە)، چونکە ئەوانە رۆڵی رۆشنگەریی و ویژدان پارێزی بەرجەستەدەکەنەوە. وەک دەبینین بە هەمان شێوەی رۆناکبیر و هزرڤانانی رۆژئاوا، بە لەبەر چاوگرتنی جوداوازییەکانی ناوکۆیی کورد و رۆژئاوا و دەست پێوە گرتن بە بەراوردکاریی، دەتوانین لە نێوان ئەو دوو وێنەیە دوایەدا، هاورەهەندیی و هاوئاراستەیەک بدۆزینەوە. لە رەوتەنی ئەو شوێنکاتانەدا، ئەو رۆناکبیرە دەگمەنانەی کورد، وەک رۆناکبیرانی رۆژئاوا، وەک لە شیعرەکانی ئەو شاعیرانە دەبینین، خەمی رەخنەکاری لە دیاردە نالەبارەکان، بونیاتنانی کۆمەڵگا و چارەنووسی ویژدانی مرۆڤایەتییان بە ئەرکی خۆیان زانیووە. بە کورتی خەمی ئەو رۆناکبیرانەی کورد، بێدار کردنەوەی ئاراستە مەترسیدارەکانی دەسەڵات و ئاوادانکردنەوەی ماڵی بوونی کورد بوو، کە دواجار ئەو وێنەیە بە کردەکردنی رۆشنبیرییمان بۆ جەختدەکەنەوە.

5

ویڕای ئەوەش، لەگەڵ دەرکەوتنی دیمانەی سەدەی بیست، هزری رۆشنگەریی و روانگەکانی مۆدێرنێتە و مۆدێرنیزم، لە هەموو کاتەکانی تر دیارتر، ئاگایی جڤاکی بە گشتی و، رۆناکبیری کوردیش بە تایبەتی، دەتەنێتەوە. لەگەڵ رابوونی کوردان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی نەمر بە دژی داگیرکاری دەوڵەتی ئینگلیستان، کە لەوێدا رۆناکبیرانی کورد بەرجەستەتر لە جاران، دەنگیان دەردەکەوێت. بۆ ئەوەی کاکڵەی مەبەست؛ واتا ویژدان و بەهای کردەی رەخنەییانەی رۆشنبیریی رابگەیەنین، ئەوەندە بەسە ئاماژە بە چیرۆکی "لەخەوما"ی خەمیل سائیب و "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جاف بکەین. دەکرێ، بەلای کەمییەوە، ئەو دوو بەرهەمە دانسقە و کردەگەرایە، وەک ئەزموونێک بۆ رۆژگار و شوێنکاتی ئەمرۆکەماندا، لە جەم رۆناکبریی ئەمرۆی کورد بکرێنە جێگەی تێڕامان. لێرەدا نابێ ئەو کۆمەڵە رۆناکبیرە سیاسییە ئێستێتیکییانەی کورد، کە لە نموونەی حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێردی نەمر، بێکەس، قانیع، دڵدار و چەندانی تر بەرجەستەدەبنەوە، لە یاد بکەین، کە ئەوانە لە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەمدا، بە هەوڵ و کردە رۆشنبیرییەکانیان، رۆشنترین ئەزموون لە یادەوەریی رۆشنبیریی کوردی پێشکەش بە زمانی کوردی دەکەن.
بەڵام ئەوە چ قەدەرێکە، کە نەک هەر رۆناکبیر/سیاسەتمەداری کورد، بگرە سەرتاپای کورد، تەنیا لە فەرامۆشکردنی یادەوەریی خۆیدا کارایە؟ بۆچی هاوارەکانی خەمی ئەمرۆی مرۆی بە ئاگای کورد، دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو خەمانەن، کە لە ملهوڕی خۆ خۆری و بستەباڵایی تاقمی دەمڕاستیی کورد بەرانبەر دەرەوەی خۆی و ... هتد کۆدەبنەوە، ئەو گرفتانەش دووپاتەکردنەوەی هەمان گرفتن کە لە شیعری ئەحمەدێ خانی و ئەوانەی دوای ئەوداجەختیان دەخوێنینەوە؟ بەندە لە چەند هەوڵی نووسینی تردا، بۆ نموونە لە "کاتێک لێکترازان دەبێتە گوتاری سیاسی کورد" و "قەدەری خەوەنی کورد..."دا، رۆشنایی زیاتری خستۆتە سەر ئەو پرسیارە دڕدۆنگانە.

6

وەلێ لە حەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا، وێڕای گرفتەکانی رۆشنبیریی کوردی، هەڵوێست وەرگرتن لە دژی رژێمی بەعسی عێراق، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و ویژدانی سەیر دەکرا. لەوێدا دەنگ بەرزکردنەوە لە رووی پیاوکوژەکانی رژێم، هاووڵاتای رەوشتی شۆڕسگێڕانە و راپەڕاندنی پەیامی رۆشنبیریی دەنرخێنرا. هاوکاتیش، بە کاردانەوەی روانگە رۆشنبیری و ئەدەبییەکانی رۆژئاوا، دیاردەی چەشنە رۆشنبیرییەکی لاتەریک لە جیهانی کوردیدا سەرهەڵدێنێ. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە دیاردەی "روانگە"، جۆرە لاسایکردنەوەیەکی بوونگەرایی و شێوەخوازی لە شیعر و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی تر، وەک بەرهەمێک لەو کاردانەوەیە بناسرێنەوە.

لەو ناوکۆییەدا، هەشتایەکان ئەرکێکی دیاریکراو دەخاتە سەر شانی نووسەر و رۆناکبیرانی کورد، کە هەر تەنیا نووسینی هێماگەرایانە بەس نەبوو بۆ راپەڕاندنی کردەی رۆشنبیریی کوردی. چونکە لە ساڵانی حەفتادا، بە هۆی ئەو دۆخە گەمارۆدراوەی کە کورد دووچاری بوو بوو، رۆشنبیریی کورد لە رێگای هێما نەتەوەیی و سروشتیەکانی کوردستانەوە: "خۆشەویستی دایک و کچ"، شاخ" داربەڕوو"، "بەفر" و ... هتد، بوونی خۆی لەبەرانبەر داگیرکاردا جەختەدکردەوە. بەڵام لە ساڵانی هەشتادا، ئەو هەڵوێستە داخوازی بەرەنگارییەکی کردەی دەکرد: روو کردنە شاخ و هەڵبژاردنی ژیانی پێشمەرگایەتی. لەوێدا لە دیدی کوردانە، بە گوێرەی رەوتەنی ئەو شوێنکاتە تایبەتیەدا، هەڵبژاردنی بێدەنگی و وابەستەبوون بە دەسەڵات، مردن و سەرشۆڕی بوو. هەڵشاخانی رۆناکبیر لە رووی سیاسەتی تەفروتووناکردنی بوونی کورد، جوامێری و دەستەبەرکردنی نەمری بوو.

بەمجۆرە رۆشنبیرییەکی رووالەتکار، بەناوی: "ئەدەبی بەرەنگاری"، "شیعری پێشمەرگە" و "ئەدەبی ریالیزمی سۆسیالیستی"، پانتایی رۆشنبیریی و هونەری کوردی دەتەنێتەوە. لێ قوورسایی نووسین و وێنەی رۆناکبیر و هونەرمەند، لە شێوە و رازانکارییدا نەدەبینرا، بەڵکوو لە شێوەی هەڵوێست و بەرانگاریدا دەخملێندرا.

لەم دیدەڕا دەنگهەڵبڕین بە رووی دەسەڵات، بەرجەستەکردنەوەی ویژدان و راستگۆیی رۆناکبیر بوو. لەوێدا ئەو کردانەی رۆناکبیریش کایەی خۆیان لەسەر هێزی زەبەلاحی دەسەڵاتدا دادەنا. بۆیە بەرتەکانی دەسەڵات لە دڕاندەییدا پەرەیان دەساند. ئەوکات لە کۆمەڵگای کوردیدا لە دوو بەرە زیاتر، بوار بۆ بەرەیەکی تر لە گۆڕێدا نەبوو: بەرەی دەسەڵاتی داگیرکاری بەعس، کە مانای دزێوی و سەرشۆڕی بوو، بەرەی شۆڕشگێڕیی، پێشمەرگایەتی، کە واتای پاراستنی ویژدان و هەڵوێستی پاڵەوانی: نەمریی بوو.

7

هەڵبەتە راپەڕینی گەلی کورد بە دژی دیوەزمەی رژێمی سەددام لە سەرەتای 90 ەکانی سەدەی رابردوو، دەبێتە چرکەساتێکی گرنگ لە یادەوەریی کوردیدا. لەوێدا کورد بەو کردە راسانکارییە، ئیرادەیەکی نموونەدار رادەگەیەنێت. بەڵام مخابن دوای ماوەیەکی کورت، بە هەڵگیرسانی شەڕی خۆکوژی لە نێوان ئەو دوو زلحیزبەی کوردی، دواجاریش بڵاوبوونەوەی رک و کینە لە نێوان کۆی کوردیدا، ئەو ئیرادەیە نموونەدارە، راپەرینە بە شکۆیەکەی جەماوەری کوردستان لەبار دەبردرێت. لەگەڵ بەو وێرانکارییەی شەڕی نێوان حیزبەکان کۆمەڵگای کوردی دەبێتە گۆڕەپان و کەرەسەی شەڕ و یارییەکانی حیزب، حیزبانێک بەو رەفتارانەی کە کردیان/دەیکەن، کە نەک هەر خۆیان لە واتای شۆڕشگێڕیی بەتاڵدەکەنەوە، بەڵکوو دەبنە درێژە پێدەری هەمان سیاسەت و رەفتاری رژێمی سەددام.

بەمجۆرە ئەو پەرلەمانەی کە دەکرا بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی مافەکانی مرۆی کورد، لە هەموو مانایەک رووت دەکرێتەوە و دەبێتە دیکۆرێکی گاڵتەجارانە. دواجاریش جەماوەری کوردستان بۆ داخوازە مەدەنییەکانی سەرگەردان دەمێنێتەوە و دواجاریش حیزب دەبێتە سەرچاوەی هەموو ژیان و مانای کوردستان. لەو چرکەساتەدا، کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە هێزێکی بێلایەن و کارای رۆناکبیریی هەبوو کە بتوانێت سنوورێک بۆ ئەو سووتانە روحییە دابنێت، کە حیزبەکان ئەوانی کردبووە سووتەمەرۆی خۆی. بەڵام ئەو هێزە رۆناکبیرەی کوردی نەک هەر کەمتەرخەم و کەهێڵ بوو لەو ئەرکەی کە هی خۆیەتی، بەڵکوو بوو بە گەمەکار و کەرەسەیەکی هەرزانی ئەو دوو حیزبە شەڕانگێزە و لایەنە تاریکەکانی ئیدۆلۆژی، کە لە سەرئەنجامی ئەو جەنگە خۆ خۆرییەدا لە دایکبوون. بەمجۆرە ئەم

ڕۆناکبیره، ڕاستی ساخته، داهێنانی جنێو، کاری هەڵەپاسی بۆ حیزب، فرۆشتنی وشه، مشەخۆری، زارقەڵەباڵغی له پڕوپاگەندەی دژایەتی و کینەرێژی ئەو حیزب و ئەم حیزبەی کردە پیشەی خۆی. هاوکاتیش، ئەگەرچی خۆی کردە دەمڕاستی حیزب، لێ هیچ نرخێکیشی له ئاستی حیزبیدا دەستەبەر نەکرد.

وەک دەزانین، بەشێکی یەکجار فره له ڕۆناکبیری کورد، به دەراوێتەکردنی چەند دەنگێکی دەگمەن، که ئەوانیش بەهۆی باڵادەستی ئەو دۆخه شەڕەنگێزه سەرتاپاگیره، هیچ کاریەکیان لەسەر ئاگایی کورد و ئەو ڕەوتەنییه وێرانکارییه نەبوو/نییه، بوونه کەرەسەی ئەو شەڕه خۆکوژییه. دواجاریش ئەو دیاردەیه بوو به پاشخان و زەمینەیەکی باش بۆ وێرانکردن و ڕوخاندنی وێژدانی ڕۆشنبیری و بەهایه جوانەکانی کۆمەڵگای کورد، له ئاکامی ئەو دارمانه ڕۆشنبیرییەدا، واتای ڕۆناکبیری نەک هەر له ڕۆڵی کردەی ئاوادانکردنەوه و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئیرادەی سەروەریی چۆکیدا، بەڵکوو بوو به گرووپێکی ڕەزا گران و کەهێڵ. ئەو ڕۆناکبیره به پەراوێزکردنی خۆی به فرمان و داخوازییەکانی حیزب، ناشیرنترین وێنەی له بوونی خۆی به واتای ڕۆناکبیریی و ڕۆشنبیریی بەخشی.

سەبارەت بەو ڕەوتەنییه تازەیه له ژیانی کورداندا، بۆ ئەوەی یادەوەریی کوردی بێدار بکەینەوه، ئەوەنده بەسه که ئاماژه بەو نووسەرانه بکەین، که چۆن کاتێک له یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، یان به پێچەوانه، لەبەر پاره یان ڕک و کینه دەتۆران، به کۆمیدیترین شێوه دەچوونه ڕیزی حیزبه دژەکەی خۆی و ڕۆڵی باشترین شەڕخوازیان دەبینی. لەوەش زیاتر، بەشێکی زۆر لەو ڕۆناکبیرانەی که لەو کاتەوه هەتا ئەمڕۆش دەمڕاستی ڕۆشنبیریی و کوردایەتی دڵسۆزی ئەو دوو زلحیزبەن، هەر ئەوانه شبوون که له ڕۆژگاریی ڕژێمی سەددامدا، باشترین هەڵەپاس بوون. ئاخۆ ئامادە بوونی ئەو بەناو نووسەرانه و دیارده گەندەڵانەی ناو پانتایی ڕۆشنبیریی و ژیانی کوردییدا، مایەی هەڵوەستەکردنێکی ڕۆشنبیریانه نیین؟! تۆ بڵێی له دۆخێکی وادا، زمانی کوردی بکارێ ڕۆشنبیرییەکی تەندروست لەبار و ئەفراندنێکی ڕەسەن بەرهەمبهێنێت؟!

جێگەی دۆشدامان و تێڕامانه، هەموو دەزانن که "وەزیری ڕۆشنبیریی" حوکمەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، دوای دەیان ساڵ دەمڕاستیکردنی میدیای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، که لەسەر کێشەی پاره له حیزبەکەی دەتۆرێت، چۆن به ڕاکردنەوه له سلێمانییەوه هاته هەولێر و دواجاریش بۆ ئەوەی تۆبەی خۆی جەختبکاتەوه، لەگەڵ پیرێک له نووسەرانی هەولێر چووه سەر "مەزاری نەمران"! دەبا لێرەدا ئەوەشتان پێڕابگەیەنم، من له دیدارێک لەگەڵ گۆڤاری "ڕامان"دا، له بەرسڤی پرسیارێکدا ئاماژەیەکی سوکەڵەم بەو ڕۆناکبیر و ڕۆژنامەنووسانه کربوو که له سەردەمی ڕژێمی سەددامدا "سەر به فەوجه خەفیفه"، کەرتەکانی "جەیشی شەعبی" بوون و هەڵەپاسییان بۆ ئەو ڕژێمه دەکرد، کەچی ئەمڕۆ ئەوانه زۆرینەی ناوەنده ڕۆشنبیرییەکانی ئەو حیزبانەیان داگیرکردووه و دەمڕاستی کوردایەتی/حیزبایەتی و نوێگەریی ئەدەبیشمان دەکەن، بەڵام سەرنووسەری ئەو گۆڤاره، بێئەوەی پرسێک به منێک بکات، که له پێناوی پاراستنی هەڵوێستی خۆم به دژه ڕژێمی فاشی عێراق، 25 ساڵم له پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی بەسەر بردووه، دەربڕینی ئەو ڕاستییه حاشاهەڵنەگرەی منی به ڕەوا نەزانی و به مجگێزی خۆی قرتاندبووی. لێرەدا که ئاماژه بەو نموونەیه دەکەم، مانای ئەوە نییه که گلەیی خۆم، یان باسی کێشەیەکی تایبەتی خۆم بکەم، بەڵکوو دەمەوێ بێژم، که ئەو ڕەفتارەی گۆڤاری "ڕامان"، به پێودانگی کۆنتێکستێکی سیاسی و ڕەهەندی ئەخلاقی، ئەوەمان بۆ جەختدەکاتەوه که ئاخاوتن و ئاوڕدانەوه لەو تەرزه بابەتانه واتای نامۆدێرنی و ناڕەوایەتی دەگەیەنێ، واتا به لای دەسەڵاتی کوردییەوه، کەسێک بۆی نییه ڕەخنه بگرێت لەو دەمڕاسته ڕۆشنبیریی و سیاسیانەی که ئەمڕۆ بەشێکن له دەسەڵاتی کوردی و دوێنێش بەشێک بوون له دەسکەلای ڕژێمی سەددام، هاوکاتیش گەر تۆ ڕەخنەیەکی توودن و ڕەوا ئاراستەی دەسەڵات بکەی، ئەوه به "خائین"، "سەرلێشێواو"، "سیخوڕ"، دژه کورد"... هتد، وەڵامتەدەرێتەوه و له هەموو مافێکی هاووڵاتیبوون بێبەشدەکرێیت. به واتایەکی تر، واتای هەڵوێست وەرگرتن ئەو ڕەهەنده شۆڕشگێڕانەی که له ڕۆژگاری ڕابردوو و هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو ڕەواجی هەبوو، کرا به حیکاتێکی بەسەرچوو! ئەمڕۆ له جەم دەسەڵاتی سیاسی- حیزبی- ڕۆناکبیریی کوردیدا، شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی کورد ئەوانەن، جا دوێنێ هەرچییەک بووبن، که ماندوونەناسانه ئەرکی حیزب ڕادەپەڕێنن و هاوکاتیش له خەمی بونیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردین! لەوەش زیاتر، ئەمڕۆ ئەوه ڕۆناکبیر و کادیرانی حیزبن که بڕیاردەرن له مافی قسەکردن و نەکردن لەسەر پێناسەکردن و پۆلێنکردنی شتەکان، نەک دەنگه جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا. لێرەوه، به پێودانگی ئەو

پاشخانە رۆژئاواییەی، کە پێشتر نمایشمکرد، دەکرێ سیمایەکانی ئەو رەوتەنییە کە لە کوردستاندا لە ئارادایە، بە دەستپێکی" دۆخی پۆست پێشمەرگایەتی"، " پۆست راپەڕین" و پۆست روخانی سەددام" ناودێر بکەین. لەم دۆخەی ئێستادا مانای هەڵوێست بوو بە پەسندانی دەسەڵات و داکۆکیکردن لە هەموو گەندەڵی و ناڕەوایەتیەکانی ئەو دەسەڵاتە. لەم دۆخەدا دەبێ قسە کردن لە رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و دەنگهەڵبڕین بەرانبەر دەسەڵات، لەو سنوورانە دەرنەچێت کە بۆت کێشراون. هاوکاتیش ئەگەر دوێنێ پایەی مرۆڤی کورد لە هەڵوێست و خۆبەختکردندا بوو، ئەوە ئەمڕۆ لە خۆ تێرکردن و کارامەیی لە دەستکەوتی ئابوورییدایە. ئەگەر لە رۆژئاوادا ئەوە بازاڕی سەرمایەدارییی بێ، کە مرۆڤی لە بەرخۆریی و بە کالاکردندا خنکاند بێت، کەچی لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئەوە حیزب جێگەی ئەو بازاڕە دەگرێتەوە. واتا حیزبی کوردی وەک بازاڕێکی قەبە و بە هەڕمێن، کۆی کوردی بە "موکافەئە"، "پێشمەرگەی تەقاویت"، "شەهیدانە"، "رێزگرتن" و ... هتد، کردۆتە کارمەندی مشەخۆری خۆی. لێرەوە حیزب توانیوویەتی ناخی کورد جڵەو بکات. ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو "بازاڕ"ەن، یان دەبێ هەوڵبدەن ببنە بەشێک لە بازاڕە، یانیش بیر لە داخوازی دەربڕینی ناڕەزایی نەکەنەوە. ئایا ئەو دۆخە جێگەی خەم و بەزەیی نییە؟ ئەرێ تێهزرین لەو دۆخەی کە ئەمڕۆ بەشێکی فەری جڤاکی کوردی کردووە بە مشخۆر و بەرخۆر، مانای سەروەریی تاکی کوردە یان بێسەرکردن و سستی؟!

8

لێ ئەگەر بەر لە رووخاندنی سەددام بە دەستی رژێمی ئێستای جۆرج بۆش، کورد چاوەڕێی ئومێدی لە بەشێک لەو رۆناکبیرەی دەرەوە و ناوەوە دەکرد کە رۆڵی ئاوەدانەکردنەوە و ئاگایی کورد ببینێت، کەچی دوای رووخاندنی سەددام لە ساڵی 2004، ئیتر دیمەنی رۆناکبیریی و رۆشنبیریی ئێمە دەبێتە کۆمیدیترین دیاردە. لەگەڵ دەوڵەمەند بوونی ئەو دوو زلحیزبەی کوردستان، رۆناکبیران بە هەڵپە روویان کردە بارەگا و بنکە بەناو رۆشنبیرییەکانی ئەو حیزبانە. بەمجۆرە ئەرکی رۆشنبیریی بوو بە باوترین دیاردەی بەرخۆریی و راپەڕاندنی ئەو فرمان و ئامۆژگاریانەی کە حیزب، وەک باوکێکی بەخشندە، بۆ خەڵکی دەریدەکەن.

لێرەوە ئەو دوو زلحیزبە لە رێگای پارە و بەخشیشەوە، رەوایەتی دەسەڵاتێکی رەها لە بڕیاردان وەردەگرێت. رۆناکبیریش دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی فەرمایشتەکانی ئەو دەسەڵاتە، هیچی ترنا!

لە سەرەنجامی ئەو رەتەنییە خەمهێنەرەدا، لە ناخی ئەو دەسەڵاتە تاکرەو وبە پول و پارە لووتبەرزەوە، گەندەڵی، دزێوی و پێشێلکردنی روحی کۆمەڵگای کوردی گەمارۆدەدا. هەروەک ئەمڕۆ بە راشکاوانە دەبیین ئەوەی کە باجی ئەو راستییە تاڵە دەدا، تەنیا ئەو توێژ و گروپەن کە هەمیشە لە ژێر پێی رژێمی بەعسی گۆڕیندا دەپلیشانەوە و هاوکاتیش لە رۆژگاری خەباتی پێشمەرگایەتیدا، پێشەنگی خەبات و قوربانی بوونە.

لەم گۆشەنیگایەوە، بە بڕوای من، لە دوای هەڵگیرساندنی شەڕی خۆکوژی لە نێوان حیزبەکان و وابەستەبوونی کۆی رۆناکبیرانی کورد و کۆمەڵگای کوردی بە حیزبەوە، ئیتر رۆناکبیر نەک هەر کردەیەکی نەبووە/نییە لە یەکگرتنەوەی ئەو ئیدارەیەی حیزب، (کە ئەوە دەڵێم مانای ئەوە نییە کە ئەو یەکگرتنەوەی کە ئاکامی دیار نییە، بۆ من خۆش نەبێ!)، رەفتارەکانی حیزب بەرانبەر کۆمەڵگا، کێشەی کەرکوک، دیاریکردنی سنووری کوردستان، مەتەڵی 30 ساڵ زیندانکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر، کە کەسمان لە سەرچاوە و هۆیەکانی ئەو بڕیارە عەنگتیکەیە نازانین، سیاسەتی هاوپەیمانی ئەو حیزبانە لەگەڵ ئەمریکا و ... هتد، بەڵکوو بوو بە کەرەسەیەکی ئێدەگیی بۆ قەرەبۆکردنی پێداویستییەکانی ئەو حیزبانە.

ئاکامی ئەو دیاردەیەش، هەر تەنیا بۆ هۆکارەکانی سیاسەت و رەفتارە ترەکانی حیزبی کوردی و دەسەڵاتە کۆنباوەکەی ناگەڕێنەوە، بەڵکوو پێکهاتەکانی ئەو رۆناکبیرە هەڵگری ئەو ئەخلاق و ئاکارانەیە.

9

لێرەدا دەخوازم بە خێرایی ئاماژە بە هەندێ هۆکاری کێشە و ئاڵۆزییەکانی دوو ئیدارەی کوردی بکەم، کە رەنگە بە هۆی زۆر هۆکارەوە فەرامۆشدەکرێن. بە بڕوای من، هەبوونی دوو دیالێکتی کوردی، کرمانجی سەروو و خواروو، دوو دەڤەری هەتا رادەیەک لێکجوداواز، بادینان و سۆران، لەلایەک و، دوو جۆرە تەریقەتی ئایینی مەیلە و ناکۆک، نەقشبەندی و

قادری، لە لایەکی ترەوە، رۆڵێکی کارا دەلێزن لە سستکردن و لێکترازانی هەست و مەیلی لێک دوور کەوتنەوەی ئەو دوو ئیدارە، حیزب و ناوچانە. هەڵبەتە بە هۆی لاوازی باری ئابووری و نەبوونی ئیرادە و گوتارێکی بە هێزی نەتەوەیی لە سیاسەتی ئەو دووحیزبەی کوردی و هاوکاتیش شەڕی خۆکوژی، ئەو هەست و مەیلەی لاوازتر کردووە. ریزێک فاکتەری تری مێژوویی، ئابووریی، سیاسیی و بگرە جیهانیش، بە تایبەتی دوای پەرینەوەی مۆدەی بازاڕی سەرمەیاداری بە هۆی یاردەی جیهانگیریی، ئەو بنەمایە جیاوازانەی نێوان ئاخێوەری کوردی زیاتر ئاڵۆز کردووە. ئەوەی که لێرەدا زۆر مەترسیدارە، سروشتییەتی جوداوازی ئەو دوو دیالێکت و ئاینزایانە نییە، بەڵکوو، بە هۆی ئەو گرفتە سیاسی و کۆمەڵاتییانەوە دروستبوونی دوو جۆرە ئاوەز و کەسایەتییە لە دەڤەری سۆران و بادینادا. ئاشکرایە ئەوەندەی ناوچەی سلێمانی هەستی نزیکایەتی بە کولتووری فارسی و زمانی فارسی دەکا، هێندە هەست بەو نزیکایەتییە ناکات لەگەڵ کولتوور و دیالێکتی کرمانجییدا. هاوکاتیش، بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئەوەندەی کوردانی دەڤەری بادینان چێژ لە زمان و کولتووری عارەبی وەردەگرێت، هێندە چێژ لە مجگێز و شێوە قسەکردنی سۆرانی ناکات. لێرەدا هەولێر ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە. شوێنێکە، بە هۆی هۆکاری فرە رەگەزی، سروشتی جوگرافی و ... هتد، کەوتۆتە بەر کاریگەری کولتووری عارەنی و تورکی. وێرای ئەمەش، هێزی سیاسی و رۆشنبیریی هەولێر لە نەبوونی ناسنامەیەکی تایبەتی خۆیدا، لە نێوان ئەو یاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیە دابەشبووە: بەشێکی سەر بە پارتییە و بەشێکی سەر بە یەکێتییە. ئەوەی تریش یان بێئاگا ژیان بەسەر دەبات، یانیش مەیلەکانی خۆی لەو دوو هێزەدا نابینێتەوە. بۆیە قووڵبوونەوەی ئەو کێشانە رۆڵی گرنگیان هەیە لە لاوازکردنی ئیرادەی لێکترنزیکبوونەوەی ئەو دوو دەڤەرە. بەڵام ئەوەی کە دەتوانێ ئەو کێشانە بنەبڕ و چارەسەر بکات، هەبوونی گوتارێکی ئیرادەگەرانەی نەتەوایەتیانەیە لە لایەن حیزب و رۆناکبیریی کوردی، کە ئەمەش، وەک دەیبینین، لە خەونێکی پایزیی دەچێت. بەهە مەحاڵ ئەو بابەتە شرۆڤەیەکی سەربەخۆی گەرەکە.

10

من لە دەرفەتگەلێکی جودادا ئاماژەم بە سستی و کەهێڵی ئەو رۆناکبیرە کردووە، لێرەش جەختی دەکەمەوە، کە ئەو رۆناکبیرە بەناو نوێیاوە دروستکراوەی ئەمرۆی کورد، هیچ کاتێک کاریگەری نەبووە/ نییە لە گۆڕین و راوەستانی ئاراستە سیاسییەکانی حیزب. لەوەش زیاتر، ئەو رۆناکبیرە تاوانبارترین دەستەی چڤاکی کوردییە، چونکە کە لە کاتە بەرهەست و وەرچەرخێنەرەکاندا، رۆڵێکی کارا لە چاوەشەکردنی راستییەکاندا، دەلێزێت. هاوکاتیس ئەو رۆناکبیرە بە لاساییکردنەوەی چەمکگەلێکی وەک: "مۆدێرنیزم"، "مۆدێرنیتە"، "ئازادی دەربڕین"، "دیمۆکراسی"، "کۆمەڵگای مەدەنی"... هتد و ئەزبەرکردنی ناوی فەیلەسوفان، جیهانێکی وەهمی بۆخۆی قووتکردۆتەوە و لە رێگەی ئەمەشەوە لە خەونی سەرمەدییانەی بە ناو رۆناکبیر بوونی خۆیدا، کات بەسەر دەبا.

ئەمرۆ ئەو رۆناکبیرە کە بەهرەمەندی هونەرمەندێک یان نووسەرێک پەسندەدا، هەڵوێست و رەسەنیەتی ئەفراندن رەچاو ناکا، بەڵکوو بە پێوانە مادی و رواڵەتییەکان، پایەی ئەو هونەرمەند و نووسەرە دەپێوێ. بە دەربڕینێکی راشکاوتر، ئەمرۆ بێژەر و دەمڕاستە زارقڵەباڵغەکانی میدیایەکانی ئەو حیزبانە، کە بە گشتی نەشارەزان لەو ئەرکانەدا، کاتێک نووسەرێکی کورد بە گەورە و داهێنەر ناودەبەن. یان بۆ ئەوەی وابزانین کە کۆمەڵگایەکەمان "مەدەنی"یە، رۆژانە ئەو بەناو گۆرانیبێژە لێکچووانە لە شاشەکانی تێڤی و هۆڵی ئاهەنگ گێران، بە پارە سەرفکردن، دەانلاوێننەوە، کە گۆرانییەکانیشیان لە رووی هونەریی و چییەتییەوە هەڵبزرکاو و کلۆڵن. بەشی هەر زۆریشیان بە تەپڵ لێدەری ئاهەنگی زەماوەند و پێهەڵگوتنی یادە حیزبییەکان دەچن، یان لەوپەڕی باشییاندا، لە بەناو کلیپەکاندا، کە کچێکی سەر زەریا و ناو بارەکان، یانیش سەما و ئاوازی عارەبی، فارسی و تورکییەوە، نمایشدەکەن. لاسایکارێکی تام ساردی گۆرانییەکانی رۆژئاوان، لە روانگەیەکی جوانناسیی و پسپۆرییانەی خۆیانەوە ئەو پێناسانە فرێنادەن، بەڵکوو لە مجگێزێکی مادی و حیزبی پێشوەختی ئامادەکراودا ئەو گوتنانە دەگوازنەوە.

بە پشتبەستن بەو بەڵگە راستیانەوە، ئەو قسەگەلە رازاوەی کە ئەمرۆ لە مەکۆیەکانی رێکخراو، دەزگا و مێدیاگەلی ئەو حیزبانەوە باسدەکرێن، هەر هەموویان لە قسەکردن بترازێ، هیچی تر نین. گشت پێوانەکان بە مەبەستی قازانجی ئابووریی و بەرژەوەندیی حیزبی دەستپێدەکەن و کۆتاییشیان پێدێت. لە جەم رۆناکبیریی کوردییەوە، راستییەک

نەماوەتەوە بە مانای بە کردەکردنی ژیانی رۆشنبیریی. ئەو دەسەڵاتە لە بوونی پرۆژە و گوتارێکی نەتەوایەتی دیمۆکراسی و مەدەنی بێ بەرییە.
لەوەش دوورتر، لە کلاورۆژنەی ئاستەنگی دکتۆر کەمال سەید قادرەوە، هەنییەمان بە دیواری راستینەیەک دەکەوێ کە رەق و خەمهێنەرە: ئەو رۆناکبیرەی ئەمرۆ دەبێ بڕوا بەوە بێنێت، کە لە مەبەدواوە، ئەگەر دەسەڵات جار جار کەسێکی لە نموونەی دکتۆر کەمال زۆر غەدارانە تەمبێ کرد، دەبێت لە بری کردەی رەخنە، بە دەنگێکی مردۆخ و بە پاڕانەوە پەنا بۆ دەسەڵات وحەرشی سەرۆک ببات! چونکە دوای ئەو هەموو نووسین، ئیمزا کۆردنەوە و هاوارنامە زمان جوادایانە، کە لە هەمبەر رۆناکبیری بێلایەن و وابەستەی خودی پارتیشەوە، هەر لە تووندترین زمانەوە تا دەگاتە زمانی پاڕانەوە و تکاکردنی نووسەرە دڵسۆزەکانی ئەو حیزبەوە ئاراستەکران، سەرەنجام بێ بەها مانەوە. بەڵام دواجار کە پاش دوو مانگ زیاتر کاتێک زمانحاڵی رژێمی جۆرج بۆش بە ئاماژە دەسەڵاتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە، وێجا پارتی بە زمانێکی نەرم و نیان جۆرج بۆشی بابە گەورەی ئەمرۆی کورد دڵنیا دەکاتەوە، کە پارتی بە گوێڕایەڵییەوە هەموو ئەو مەرجانەی کە ئەمریکا پێی خۆشە پیادە دەکا. هەرچەندە تا ئیستاش کورد نازانی کە دەسەڵاتی پارتی بێ تێکشکاندن و تۆبە، دکتۆر کەمال سەید قادار ئازاد دەکا یان نا! لە راستیدا، بەڵای بەندەوە ئەوە گرنگ نییە کە دکتۆر کەمال دوای تۆبە کردن یان بێ تۆبەکردن ئازاد دەبێ، هاوکاتیش کە ئاماژە بە دکتۆر کەمال دەکەم، مانای ئەوە نییە کە کێشەکان بە داهاتووی ئەو ببستمەوە، بەڵکوو لە داهاتووی رەفتارەکانی ئەو دەسەڵاتەدا سەیری کێشەکان دەکەم. بۆیە ئەوەی کە من دەمەوێ لەسەری بوەستم، ئەو رەفتارە دژوارەیە کە لە ناخی دەسەڵاتی کوردیدا ریشاژۆیە. مرۆ بە کۆمەڵێ ئاماژە و رەفتار دەتوانێ رەهەندەکانی پێکهاتەی دەسەڵاتێک بناسێتەوە. زێدەڕۆیی نییە کە دەڵێین، لەگەڵ پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتە نیوەچڵانەی حیزبی کوردییەوە، خاسڵەتە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتی کۆنباو، تاکڕەو و گشتگیری جیهانی ئیسلامی لە رەفتارەکانیاندا ئامادە بووە.
لێرەوە ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر بچمی دەسەڵاتی جیهانی ئیسلامی، بە کوردیشەوە دادێن، گۆڕانێکارییەکی کاکڵەیی و بونیاتی نین، بەڵکوو بە کەمێک ئارایشکاری بچمی دەرەکییەوە، دووپاتە بوونەوەی هەمان دەسەڵاتە کۆنباوەکانن.. ئەو دەسەڵاتانەش لە تێگنەگەیشتنی رەهەندی ئازادی دەربرین و مافە مەدەنی ... هتد، بێبەرین. بۆیە سەرتاپای بانگەشە و دروشمە گوڕاح خۆشکەرەکان، لە تەڵەدانانەوە، دەسخەڕۆدان، چاولێکەری، فشاری دەرەکی، رۆژئاوا... هتد بترازێ، هیچی تر نین.

کەواتە لەم گۆشەنیگایەوە، دەبێ دەست و برد، ئەو رۆناکبیرە لە خەونی قووڵی خۆ بە خاوەن گوتاری رۆشنبیریی و کردەی گۆڕان بێدار بکرێتەوە و پێکڤە فاتیحایەک بۆ مەرگی خەونە وێڵەکانی بخوێنین!

11

لە دیمانەیەک نەکرا بڵێم:
هەروا پەیوەندی وشەکان لە گەمەی شوێنپێیە و
خێڵی دەق لای ئێمە بێ کایەن... هەروا...
مخابن... بمبورە، ئەی سەرۆک!
نابیستریێ؛ نابینریێ،
ئەی دەڤەری جڵەکراو، دەمبەستکراو!
ئاخر چۆن رامانێک هەنگاومان پێبەخشێ؟
لە ژاندا، لە شەهوەتدا، لە شاگەشکەبووندا،
بیرهاتنەوەیەکین لە قەدەردا:
دەلەرینەوە؛ لە یاد دەچینەوە.

دەزانم روحت بەسەر رستەی عەدەم هەڵخستووە:
نا هیچ تازە نییە دەزانم... دەزانم...

200/1/13
ستۆکهۆڵ/سوێد